# تێکۆشان

بەناوی خوداوەندی بەخشندەی میهرەبان

بۆ گەیشتنی گەلی کوردستان بە مافە رەواکانی و
رووخانی رژیمی ئاخوندی و دامەزراندنی حکوومەتێکی دیموکراتی و پارلمانی تێدەکۆشین

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

ساڵی بیست و چوارەم ، ژمارە «٢٠٧» ی بەفرانباری ٢٧٠٨ی کوردی، ١٣٨٧ی کۆچی خۆری، ٢١ی دسامبری ٢٠٠٨ی زایینی




بەبۆنەی هاتنی ساڵی تازەی ٢٠٠٩ی زایینی، گەرمترین پیرۆزبایی بە مەسیحیەکانی کوردستان و ئێران و سەراسەری جیهان دەکەین. لە خوای گەورە داواکارین ساڵی تازە ببێتە مایەی خۆشی و کامەرانی و ئاسایش بۆ سەرجەم پێکهاتەکانی کوردستان و ئێران و جیهان.



## هێزی بەسیجی، ئۆرگانی سەرکوت و جینایەت

ل ٢



## هێرشە تڕۆریستیەکەی شاری (بەمبەئی) هیندوستان و ئاسەوارەکانی

ل٤





## لە بیرەوەری شەستەمین ساڵی پەسەند کردنی جارنامەی ...

ل٦



## رژیم لە ناوخۆیدا لەحاڵی رووخانە

ل٧

# بەرز و بەرێز بێ، ١٦ی سەرماوەز رۆژی خوێندکار



خوێندکارانی تێکۆشەر و هێژا

ئەمساڵیش ١٦ی سەرماوەز رۆژی خوێندکار بەرز ڕادەگرین لەکاتێك کە بەداخەوە دەسەڵاتی ملهوری ویلایەتی فقیە لەرابردوو زیاتر، ستەم و سەرکوتیان لەبەرانبەر خوێندکاران و خەڵکی ستەملێکراو پەرە پێداوە.

سەرکووت و هەڕشەی دەسەڵاتدارانی رژیم لەبەرانبەر خوێندکاران ئەو راستیە ئاشکرا دەکا، کە ترسی زۆریان لەخوێندکاران هەیە و دەزانن خوێندکاران و لاوان پێشەنگی ڕاپەرین و بەربەرەکانی لەبەرانبەر دەسەڵاتی ملهور و دیکتاتۆریدان.

بە پێی راپۆرتەکان، ئەمساڵیش لەیادی رۆژی دانشجو دا، لەدانشگاکانی ئێران بەگشتی نارەزایەتی خوێندکاری بەرین وەرێ خراوە.

لەدانشگای تاران خوێندکاران دروشمی مەرگ بۆ دیکتاتۆریان بەرز کردەوە کە بە پێی راپۆرتەکان وەزع لەدانشگای تاران ئاڵۆزە. هەروەها دانشجوەکان لەزانستگای بوعەلی سینای هەمەدان کۆبوونەوە و لەدژی دەسەڵاتدارانی رژیم شیعاریان دا و لەگەڵ هێزە سەرکوتگەرەکان بەرەورووبوون. لەزانستگای ورمێ نارەزایەتی کەم وێنەی خوێندکاران لەدژی دەسەڵاتدارانی رژیمی ئاخوندی بەرێوەچوو کە خوێندکاران دروشمی مەرگ و نەمان بۆ رژیمیان بەرز دەکردەوە، هەروەها دروشمی ئێمە ژن و پیاوی شەڕین، شەڕبکەن تا شەڕ بکەین. بە پێی هەواڵەکان خوێندکاران لەگەڵ هێزە سەرکوتگەرەکان تێکگیران، هەروەها لەزانستگای سنە، خوێندکارانی تێکۆشەری کورد لەبەرانبەر هێزە سەرکوتگەرەکانی رژیم کە مەبەستیان بوو، کۆبوونەوەکەیان تێك بدەن، وێستانەوە. خوێندکارانی تێکۆشەری دانیشگای ئازادی سنە لەمەیدانی (کوهنەوەرد)، کۆبوونەوە و بەرەو کێوی ئاویەر رۆیشتن و لەکێوی (بان شیلانە) کۆبوونەوە و بەخوێندنەوەی سرودی نیشتمانی و شۆڕشگێرانە رۆژی ١٦ی سەرماوەزیان بەرز راگرت.

ئاشکرایە خەباتی شۆڕشگێرانەی خوێندکارانی نیشتمانپەروەر و ئازادیخواز، هەوێنی ڕاپەرینی تێکراییە و هەر چۆن لە١٦ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٣٢ی کۆچی خۆری خوێندکارانی تێکۆشەر بە راپەرێن و بەگژداهاتنەوەی دەسەڵاتی سەرکوتگەر بەردی بناخەی خەبات و راپەرینیان لەپێناو ئازادی دانا، ئەمرۆش خوێندکارانی تێکۆشەر و دژ بەستەم، بەیاد کردنەوەی ئەو رۆژە پیرۆزە و بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی هاونەوعەکانیان کە خەبات بۆ ئازادی و دیموکراسیە تێدەکۆشن، کە گومان نییە سەرکەوتن ئاکامی خەباتی خوێندکارانی ئازادیخواز و خەڵکی ستەملێکراوی ئێران و کوردستانە. جارێکی دیکە پیرۆز بێ رۆژی ١٦ی سەرماوەز رۆژی خوێندکاران و زانستخوازان.

## بڕیارنامەی مەحکوم کردنی پێشێلکاری مافی مرۆڤ لە ئێراندا

کۆمەڵی گشتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان شەوی پێنج شەممە ٢٨ی سەرماوەزی ١٣٨٧، بڕیارنامەیێکی دیکەی لە سەر پێشێلکاری مافی مرۆڤ لە ئێراندا پەسەند کرد. بەو شێوەیە پەنجاو پێنجەمین بڕیارنامەی مەحکوم کردنی رژیمی سەرکوتگەری ئێران بە هۆی پێشێلکاری بەربڵاوی مافی مرۆڤ لە بەرزترین ناوەندی نێونەتەوەیی پەسەند بکرێ.

لەو بڕیارنامەدا سەبارەت بە شکەنجە و سزا نامرۆڤانەکان و سووکایەتی کردن، وەك قەمچی لێدان و قرتاندنی ئەندامانی لەش، ئیعدامی مێرمنداڵان و ئیعدام لە شوێنە گشتیەکاندا، ئازار و لێدانی ژنانی زیندانی و دەرکردنی حوکمی بەردەباران، ترس و دڵە ڕاوکێ دژ بە ژنانی لایەنگری مافی مرۆڤ و بەردەوامی جیاوازی دانان دژ بە ژنان، سەرکوتی نارەزایەتیە هێمنەکان، پێشێلکاری ئازادی بیر و ڕادەربڕین و زیاد کردنی ئازار و شکەنجە و ترساندن، گەڕان بە دوای موخالفانی سیاسی و پشتیوانانی مافی مرۆڤ لە تەواوی چینەکانی کۆمەڵگا، نیگەرانی دەربڕاوە.

شایانی باسە رژیمی ئێران هەوڵی زۆری دا کە رێگە لە پەسەند کردنی ئەو بڕیارنامە بگرێ، بەڵام هەوڵەکانی شکستی هێنا.





نوێنەری رژیم لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پێشنیاری دا کە کۆمەڵی گشتی نەچێتە ناو ئەو باسەوە و لێکدانەوەی بڕیارنامە لە دەستووری کاری کۆبوونەوەکان بەدەر بێ.

نوێنەری فەرانسە بە نوێنەرایەتی لەلایەن وەڵاتانی یەکیەتی ئوروپا لە قسەگەلێکی توند دا داواکەی رژیمی ئێرانی ڕەد کردەوە و گووتی: لێکدانەوەی هەل و مەرجی مافی مرۆڤ لە ئێراندا دەبێ لە دەستووری کاری کۆمەڵی گشتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بمێنێتەوە.

## سازمانی خەبات کردەوەی تڕۆریستیی شاری کەرکوك بە توندی مەحکوم دەکا

رۆژی پێنج شەممە ٢١ی سەرماوەزی ١٣٨٧ــ ١١ی دیسامبری ٢٠٠٨، کردەوەیێکی تڕۆریستی لە چێشتخانەیێك لە نزیك شاری کەرکوك رووی دا، کە بووە هۆی شەهید بوونی زیاتر لە ٤٠ کەس و بریندار بوونی دەیان کەسی دیکە لە خەڵکی بێ تاوان.

ئەو کردەوە تڕۆریستیە لە کاتێکدا رووی دا کە خەڵکی عێراق و خەڵکی کوردستان و هێز و لایەنە سیاسیەکان و ناوەندەکانی دەسەڵات لە هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەرێکن بۆ کێشە هەڵپەسێردراوەکان.

ئەو کردەوە تڕۆریستیە لەگەڵ ئەوەی زیانی زۆری لێکەوتەوە و برینێکی قووڵە بۆ خەڵکی ئەو شارە، بە پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینەکانەوە و تیایدا کەسانی سەر بە تێکڕای نەتەوە و ئایینەکان کوژراون. ئەو راستیەی سەلماند کە تڕۆریستان لەگەڵ ئەوەی دژمن بە گەلی کوردن لە هەمانکاتدا، دژمن بە تێکڕای خەڵکی عێراقن. بۆیە جێگەی خۆیەتی ئەو کردەوە دڕندانە ببێتە هاندەر و بەردی بناخە، بۆ ئەوەی تێکڕای لایەنە سیاسیەکان و پێکهاتەکان لە عێراق هەنگاوی جیددی هەڵگرن بۆ چارەسەری کێشەکانیان.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران لەگەڵ مەحکوم کردنی توندی ئەو کردەوە تڕۆریستیە، سەرەخۆشی و هاوخەمی خۆی پێش کەش بە کەس و کاری شەهیدەکانی ئەو کارەساتە دەکا و لە خودای گەورە داواکارە بریندارەکانیش بە ڕەحمەتی خۆی شیفا بدا.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

١١ی دیسامبری ٢٠٠٨

٢١ی سەرماوەزی ١٣٨٧





## ئەمریکا داوای لە دەوڵەتی عێراق کرد پێوەندیەکانی لەگەڵ رژیمی ئێران ڕاگرێ

رۆژنامەی ئیعتیمادی میللی، بڵاوی کردەوە کە سەفارەتی ئەمریکا لە عێراق داوای ڕاگرتنی هەڵسووڕانی تیجاری، فەرهەنگی دەوڵەتی عێراق لەگەڵ رژیمی ئێران لە باشووری ئەو وەڵاتە کردووە.

بە پێی ڕاپۆرتی تابناك، سەرچاوەی باوەڕ پێکراو لە دەوڵەتی عێراقەوە هەواڵیان داوە کە سەفارەتی ئەمریکا بە رەسمی داوای لە دەوڵەتی عێراق کردوە تا پێوەندی خۆی لەگەڵ رژیمی ئێران بە تایبەت لە باشووری ئەو وەڵاتە سنووردار بکا تا لە ئاکامدا ئەو پێوەندیانە ڕاگیرێن.

هەروەها تەلەویزیونی ئەلعەرەبیە بڵاوی کردەوە ئەرتەشی عێراق بۆ پارێزگاری لە هەڵبژاردنی داهاتوو لەو وەڵاتە هێزەکانی خۆی لە سنووری ئێران و عێراق زیاد کردوە.

بە پێی هەواڵی ئەلعەرەبیە، هێزەکانی لەشکەری ١٤ی زەمینی بە پشتیوانی گاردی سنووری عێراق لە سنوورەکانی ئێران و عێراق جێگیر کراون.



## پشتگیری بۆ زیندانیانی سیاسی زیاتر دەبێ

ژمارەیەك لەپەرلەمانتارانی پەرلەمانی ئورووپا نامەیێکیان بۆ دەسەڵاتدارانی رژیمی ئاخوندی ناردووە و سەبارەت بە نەهێشتنی شکەنجە و هەر جۆرە هەڵسوکەوتێکی خراپ بەرامبەر بە زیندانە سیاسیەکانی کورد وریاییان داوە. لەنامەکەدا هاتووە کە رۆژی ٢٥ ی مانگی ٨ی ئەمساڵ زیندانیە سیاسیە کوردەکان دەستیان بە مانگرتن لەخواردن کرد کە ٤٧ رۆژی خایاند. ئامانجی مانگرتنەکە راکێشانی سەرنجەکان بۆسەر دۆخی زیندانیە سیاسیەکان لە زیندانەکانی ئێراندا و بڕیاری سزای ئیعدام بۆ ٩ چالاکی کورد کە ناوەکانیان بریتیە لە: فەرزاد کەمانگەر، عەلی حەیدەریان، هیوا بوتیمار، ئەنوەر حوسێن پەناهی، فەرهاد وەکیلی، حەبیبوڵلا لەتیفی، ئەرسەلان ئەولیایی، روستەم ئەرکیا و فەسیح یاسەمینی.

لەونامەیەدا هاتووە کە بارودۆخی بەندییە سیاسیەکان رۆژ بەرۆژ بەرەو خراپتر بوون دەچێ. لە نامەی پەرلەمانتارانی ئورووپای دا وێرای دەربڕینی نیگەرانی لەوەزعی زیندانیە سیاسیەکان بەگشتی و گیراوانی سیاسی کورد بەتایبەتی بە توندی هەڵس و کەوتی کاربەدەستانی رژیم لەراست زیندانیان مەحکووم کراوە. پارلەمانتارانی ئورووپا داوا لەکاربەدەستانی رژیم دەکەن کە لەسەر بنەما نێودەوڵەتیەکانی مافی مرۆڤ، سزای ئیعدام هەڵوەشێننەوە و شکەنجە و ئازاری زیندانیە سیاسیەکان راگیرێ و دەست بە جێ گیراوانی سیاسی کورد ئازاد بکرێن.

تا ستەمم لەسەرە رێی خەباتم لەبەرە